KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 16:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شێخی شاکەلی تکایە کاتی گۆڕانکاری هاتووە... ئەمین حەمید بەرزنجی

سلێمانی

دوابەدوای تێکەڵکردنەوەی حکومەت وتەشکیل کردنی هەندی وەزارەت تاڕاددەیەك گۆڕانکاری ڕوویدا و بەوهۆیەوە هەندێك بەڕێوەبەری ماستاوچی لەکارەکانیان لادران و ڕیسواو زەلیل کران، کەسالآنێك بوو فەرمانبەری بەسەزمان بەدەستیان دەیانناڵاند، چونکە ڕاستەوخۆ ببوونە مخابەراتی ڕێکخراوە حیزبییەکان و هەفتانە لەکاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە ڕێکخراوە حیزبییەکان ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرمانبەرەکان دەخستەڕوو و بەوهۆیەوە دەیان فەرمانبەر لەفەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر دەگوازرایەوە و سەفاو مەڕوای پێدەکرا!!!! ئەمە زیاتر لەهەولێری پایتەخت ڕووی دەدا. دوای تێکەڵکردنەوەی ئیدارە و وەرگرتنی چەند وەزارەتێك بەتایبەتی بۆ یەکێتی چەندین بەڕێوەبەری ماستاوچی لەشوێن خۆیان مانەوە، چونکە پشت ئەستوور بووینە یان ئەوەتا خزمێکی مەسئولە یانیش لەبەر خاتری شێخایەتی!!! گرنگترین وەزارەت کەزۆربەی بەڕێوەبەرەکانی وەك خۆی ماوەتەوە و دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینییە، بەڵی وەزارەتی ئەوقاف ... من بەشبەحاڵی خۆم بەم دواییە ناشیرینترین هەڵام بیست ولەڕووپەڕەی ڕۆژنامە و سایتەکان بەرچاوم کەوت هێرشێکی نارەوای ئیعلامیی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی ئەوقاف بوو بۆ سەرکەناڵێکی ئیعلامیی وەك یەکگرتووی ئیسلامیی!!!!! من لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کەمن کەسێکی بێلایەنم و یەکگرتووش نیم بەڵام بەغەدر و خیانەتی دەزانم لەئاست هەقیقەتەکان بێدەنگ بم... ئەوەندەی من ئاگادارم ڕاگەیاندنی ئەوقاف هەموو یاسایەکی ڕۆژنامەوانی پێشێڵ کردووە یەکەمیان نووسینی بابەت و دەرکردنی بەیاننامەی بێسەرو بەر کەتەئکیدم سەرجەمیان لەلایەن بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتەکە بەناوی خوازراو بڵاو کراوەتەوە! چونکە سەرجەم بابەتەکان وەکو یەکن و بەیەك ماناو تەعبیر ڕەنگ دەداتەوە... دووەمیان بابەت و بەیاننامەکان لەمیسداقیەت و سومعەی وەزارەتی ئەوقافی کەمکردەوە ... سێیەمیان هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن مافی خۆیەتی هەموو شتێك بڵاوبکاتەوە و پێویست ناکات کەس و شوێنی بەرامبەر هێرشی بکاتە سەر و لەکەداری بکات ... چوارەم ئەم هەڕەشانە بۆ سەرکەناڵێکی ڕاگەیاندن بەئیجابی نازانم چونکە لەئایندەدا وەزارەتی ناوبراو هەرکاری بەتەلەفزیۆنەکەدەبێت ئیدی هەر تەلەفزیۆنێك بێت!!!!! من ئەوەندەی ئاگاداری ئەم وەزارەتە بم لە دوورو نزیك ڕاگەیاندنەکەی بەئارەزووی خۆی لێکۆڵینەوەلەگەڵ مامۆستایان دەکات و جۆری وتار و شێوەی وتارپێشکەشکرنیان بۆ دەخاتەڕوو!!!!! ئەگەر ڕاگەیاندنی ئەوقاف خۆی بەخەمخۆری زانایانی ئایینی دەزانی و داکۆکی لەڕای ئازاد و سەربەستییان دەکات ئەی لادانی ئەو هەموو مەلایە لەسەر مینبەر لەپای چی؟؟؟؟!!!!! من لێرەدا تەنها ئەم نامەیە ئاڕاستەی بەڕێزو خۆشەویست شێخی شاکەلی وەزیری ئەوقاف دەکەم و پێی دەڵێم ئەی شێخەکەی شاکەل تکایە ئاگاداربە خەریکە دەسەڵاتت بەسەر وەزارەتەکەدا نامێنی و هیچ بڕیارێکی جەنابت ناخرێتەڕوو ئایاتۆ بەرپرسی یەکەمی وەزارەتی یان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن؟؟؟؟ تکایە خۆت ببە بەخاوەن بڕیاردەنا وەزارەتەکەت دووچاری تەنگژەدەبێتەوە و پێویستیشە گۆڕانکاری بکەیت و کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دابمەزرێنیت، من تەئکیدم جەنابتان لەگەڵ سەرهەڵدانی هەڵای ئەم دواییەنەبوون، شوورەییە لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند ناوێکی حاجیان ئەم تەنگژەیە ڕووبدات!!!! جارێکی تر هیوادارم بڕیارەکانی جەنابت بەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنەکەت زاڵ تربێت چونکە کەسانێك لەنێو وەزارەتەکەت هەن خەریکە دەسەڵاتەکانی تۆ بۆخۆیان بقۆزنەوە، خۆشت سەربەست بە لەگۆڕینی هەرکەسێك کەشیاوی پۆستەکەی نییە، هەروەها شێخایەتی و تەریقەت لەبەرچاو مەگرە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.